**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٨٢٠ لە ٢٠٢٠/٢/٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و بەمەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای بەخاوەنکردنەوەی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەر کراوە ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

## بەیانی ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٢٠

## تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩

**ماددەی (١):-**

أ- لیژنەیەك پێك دێت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەم لایەنانەی خوارەوە:

١- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ.

٢-بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان.

٣-سەرۆکی شارەوانی .

٤-بەڕێوەبەری گەنجینە.

٥- بەڕێوەبەری کشتۆکاڵ.

٦-بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە.

٧-بەڕێوەبەری نەخشەدانان.

ب- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە بۆی هەیە لیژنەیەك پێك بهێنێت لە هەر یەکەیەکی کارگێری بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێری و ئەندامێتی ئەو لایەنانەی کە لەبڕگەی (أ/٣تا٧)ی سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە ئەگەر پێویست بکات بەمەبەستی کارئاسانی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(٣)ساڵی ٢٠١٩

**ماددەی (٢):-**

١- داواکارییەك لە لایەن زێدەڕۆکار یان میراتگەری شەرعی پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت لەسنووری ئەو شارەوانییەی کە زیادەڕۆیی لێ کردووە.

٢- پێویستە زێدەڕۆکار یان میراتگەری شەرعی بسەلمێنێت کە نیشتەجێی ئەو خانووەیە کە بەزیادەڕۆیی لەسەر زەوی دەوڵەت دروستی کردووە.

٣- لیژنەکانی بڕگەی (أ)ی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە بڕیار لەسەر ئەو دیکیۆمێنتانە دەدەن کەپێویستە بۆ سەلماندنی بڕگەی دووەم.

**ماددەی (٣):-**

لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانی تایبەتمەند پێك دێت بۆ پێوانی پارچە زەوی کە زیادەڕۆیی لەسەر کراوە و جێگیرکردنی ڕووبەرەکەی و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ لیژنەکانی ماددەی یەکەم بەمەبەستی بڕیار دان ، وپێویستە یەکێك لە ئەندامانی لیژنە پێوەر بێت.

**ماددەی (٤):-**

ئەگەر گشت مەرجەکانی پێویست بۆ تاپۆکردنی خانوو ، کە بە زیادەڕۆیی دروست کراوە جێبەجێ بوو ئە وا دوای بڕیاردانی لیژنەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ یان لیژنەی یەکەی کارگێری بەڕەزامەندی ، بڕی ڕسوماتی تایبەت بە تاپۆکردن بەپێی ماددەی (٢) بڕگەی دووەم لە لایەن شارەوانی تایبەتمەند وەردەگیرێت بە پسولەی (٣٧/أ).

**ماددەی (٥):-**

ئەو پارچە زەوییانەی کە بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٣) سالّی ٢٠١٩ زیادەڕۆی لەسەرکرابوو ئەوا لە لایەن لیژنەی یەکە کارگێرییەکان تاپۆکردنیان ڕەت دەکرێنەوە و ڕێکارەکانی هاتووە لە یاساکە جێبەجێ دەکرێن.

**ماددەی (٦):-**

نوێنەری شارەوانی بۆی هەیە تاپۆکردن ڕەت بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٢)ی یاساکە بێت.

**ماددەی (٧):-**

١- بەرپرسیارەتی جێبەجێ کردنی گشت ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠١٩ و ئەم بەیانە دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەی یەکە کارگێرییەکان .

٢-لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەم بەیانە لیژنەی یەکە کارگێرییەکان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر یاسا بەپێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤) سالّی ١٩٩١ی هەموارکراو سەرەڕای ڕێکارە یاساییەکانی تر.

**ماددەی (٨):-**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**